ڤینۆس فایەق

## ژنە شاعیری کورد خەڵاتی ڤیستیڤاڵی (العنقاء)ی ئاڵتوونی وەردەگرێت

ڤیستڤاڵی (العنقاء)ی ئاڵتوونی نێونەتەوەیی گەڕۆک بۆ کولتوور و هونەر و راگەیاندن کە ماڵی چیرۆکی عیراقی بەڕێوەی دەبات میدالیای (العنقاء)ی ئاڵتوونی بۆ ساڵی 2005 دەبەخشێتە ژنە شاعیری کورد ڤینۆس فایەق..

شایانی باسە ئەم ڤیستیڤاڵە کە سێ ساڵ ئەخایەنێت و خەڵاتەکان ئەبەخشنە موبدیعەکان هەریەکە لەوڵاتی خۆی ، ئەم ڤیستیڤاڵە 2004/11/2 بۆ یەکەم جار کارەکانی لە قاهیرە دەست پێکرد و چالاکیەکانی پاشان گواستەوە بۆ هەریەک لە عەممان، ئەستەنبوول ، تاران و دیمەشق و گەلێ نووسەر و ئەدیب و هونەرمەند ئەو خەڵاتەیان وەرگرتووە لەوانە ، موسیقاژەنی بەناوبانگ نەسیر شەممە ، رۆماننووس یەشار کەمال و رۆماننوس مەحموود دەولەت ئەبادی و شاعیر مەزەفەر نەواب و شاعیر عیسا الیاسری و رۆماننووس عەلی بەدر و هونەرمەندی سووری بەناوبانگ ئەیمەن زێدان و و هونەرمەندی خوالیێخۆشبوو سەعدوڵلا وەنووس و رۆماننوس فوئاد التكرلی ، ئەمە و ئەم ڤیستیڤاڵە هەتا ساڵی 2007 ئەخایەنێت.